# Reflection of the Lausanne Treaty on Iranian Journalism

Karzan Mohammed Ahmed
Department of Media Technique, Sulaimani Polytechnic University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2581kq.02*
*Published: 2/3/2025*

***Abstract***

*Coverage of journalism for the influential changes in the destiny and rights of Kurds is considered significant historical documentation. Lausanne convention which was held among the coalition countries and some other states in Switzerland (1923) is considered an inclusive and international agreement that its negative effects, after a century, are still felt on the Kurdish national rights. The prime purpose of the research is to analyze the news of three renowned Iranian newspapers during the Lausanne conference. Despite severe censorship and political obstacles, the papers were closely covering the attitudes and the changes due to the course of the conference.The main question of the research:How Iranian newspapers covered the Lausanne conference? To answer the question, the content analysis method is used to analyze the news published in two Persian newspapers: (Shafaq Sarkh) newspaper was a state supporter and (Qarni Bestam) newspaper had a critical perspective. The papers were published in Tehran and covered the Lausanne conference in 1923. The research includes the Methodology and two main parts:*

*-Part one deals with a theoretical analysis of the Lausanne conference substantiated by a number of documents.*

*-Part two evaluates the level of coverage by the two papers during the conference concerning the confidential discussions of the involved parties and reactions against the conference.*

*The most significant results of the research:*

- *The papers had published the internal talks of the involved parties before the convention.*
- *They had constant daily coverage of the conference.*
- *They produced a great number of news stories with regard to the Kurdish people and their reactions to the conference. In the end, numerous suggestions are presented.*

***Keywords**: Kurdish people, Lausanne conference, Document, Iranian journalism*

# ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانی

**پ.ی.د.کارزان محەمەد ئەحمەد**
**مامۆستای بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**
**ئیمەیڵ:** Karzan.ahmed@spu.edu.iq

## پوختەی توێژینەوە

ڕووماڵی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کاریگەرییان لەسەر چارەنوس و مافەکانی گەلی کورد هەبووە، بە سەرچاوەیەکی گرنگی تۆماری مێژوو دادەنرێت.
پەیمانی لۆزان، کە لە لایەن دەوڵەتانی هاوپەیمان و وڵاتانی ناوەند (یەکێتی سییانی) و چەند دەوڵەتێکی ترەوە، لەساڵی (١٩٢٣ز)دا لە وڵاتی سویسرا مۆرکرا. ڕێککەوتنامەیەکی فراوانی نێودەوڵەتی بوو، کە یەک سەدەیە، کاریگەرییە نەرێنیەکانی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەردەوامە.
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، شەنوکەوی هەواڵ و شرۆڤەکانی دوو ڕۆژنامەی بە ناوبانگ و پرتیراژی ئێرانییە، کە لە ماوەی پەیمانی لۆزاندا، لەگەڵ سانسۆی توند و ئاستەنگە سیاسییەکان، بە وردی ڕووماڵی هەڵوێست و گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە پەیماننامەکەیان کردوە.
پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، بریتیە لەوەی: ئایا ڕۆژنامەگەریی ئێرانی چۆن ڕووماڵی پەیماننامەی لۆزانی کردوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە، بە میتۆدی (شیکاری ناوەرۆک) تاوتوێی سەرجەم هەواڵ و شرۆڤە جۆراوجۆرەکان کراوە، کە لەم دوو ڕۆژنامە فارسییەدا بڵاوکراونەتەوە و ئاراستەشیان جیاواز بووە. ڕۆژنامەی (شفق سرخ) داکۆکیکاری دەسەڵات و ڕۆژنامەی (قرن بیستم) دیدێکی ڕەخنەگرانەی هەبووە، هەردووکیان لەساڵی (١٩٢٣ز) لە شاری تاران چاپ و بڵاوکراونەتەوە و ڕووماڵی پەیمانی لۆزانیان کردوە. ناوەرۆکی توێژینەوەکە، لە میتۆدنامە و دوو باسی سەرەکی پێکهاتوە: باسی یەکەم شرۆڤەیەکی تیۆری پەیمانی لۆزانە، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک دیکۆمێنتی گرنگ و لێکەوتەکانیەتی لەسەر گەلی کورد. باسی دووەمیش هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕووماڵی هەردوو ڕۆژنامەکەیە لە قۆناغی زەمینەسازیی و گفتوگۆ نهێنییەکانی دەوڵەتان تا بەستنی پەیمانی لۆزان و کاردانەوەکانی.
دیارترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە:
-ڕۆژنامەکان بەر لە پەیماننامەی لۆزان، هەواڵی هەنگاوە نهێنییەکانی دەوڵەتانیان بڵاوکردۆتەوە.
-ڕۆژانە ڕووماڵی هەواڵ و شرۆڤەیان بۆ پەیماننامەی لۆزان ئەنجامداوە.
-چەندین بابەتی تایبەت بە گەلی کورد و هەڵوێستی لە هەمبەر پەیماننامەکە لەخۆگرتوە.
لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێک ڕاسپاردە خراونەتەڕوو.

**چەمکە سەرەکییەکان: گەلی کورد، پەیماننامەی لۆزان، دیکۆمێنت، ڕۆژنامەگەریی ئێرانی.**

## پێشەکی

چارەنووسی گەلی کورد، وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و ستەملێکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، یەکێک لەو دۆسیە گرنگانە بوو، لە چەندین ڕێککەوتنامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا، هەوڵدراوە، بەپێی بەرژەوەندی زلهێز و نەتەوە سەردەستەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

دیارترین قۆناغی ئەم پرسە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، کە سەرلەنوێ نەخشەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات داڕێژرایەوە. هاوکات بڵێسەی چەندین شۆڕشی جۆراوجۆر لە پارچەکانی کوردستان (باشور، ڕۆژهەڵات، باکور) لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیدا هەڵگیرسا. دەنگدانەوەی ئەم شۆڕشانەش هاوکات بوو، لەگەڵ هەوڵی دیپلۆماسی کۆمەڵێک کەسایەتی کورد. هەربۆیە فشارێکی ئەرێنی بۆ چەسپاندنی مافەکان لە ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتیدا دروستکرد، کە پەیمانی سیڤەرە لە (١٠ی ئابی ١٩٢٠ز)دا، تیایدا بەپێی ماددەکانی (٦٢-٦٣-٦٤) گەلی کوردی سەرپشککرد بۆ بڕیاردان لە ئایندەی چارەنوسی خۆی.

ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکانی جیهان و هاتنەئارای دەسەڵاتی نوێ بە تایبەت لە تورکیا، زەمینەی بۆ بەڵێننامەیەکی تر خۆشکرد، کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز، جارێکی تر مافەکانی گەلانی بەشخوراو بە تایبەت نەتەوەی کورد، ببێتەوە بە قوربانی.

ئەنجامی جموجۆڵی دەوڵەتی نوێی تورکیا، بەستنی پەیمانی (لۆزان) بوو لە (٢٣ی ئابی ١٩٢٣ز) لە وڵاتی سویسرا، لە سەردەمی خۆیدا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر هەڵوێستی زۆرینەی دەوڵەتان هەبوو. بواری ڕۆژنامەگەریش، کە تەنها ئامرازی میدیایی بوو، ڕۆڵی گرنگی لە ڕووماڵی پێشهاتەکان و چاودێریی هەلومەرجەکە بینی، بە تایبەتی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، کە بەردەوام زانیاری گرنگیان بڵاودەکردەوە، بە ئامانجی دروستکردنی پرۆسەی هۆشیاری و بە ئاگاهێنانەوەی ڕای گشتی. ئێستاش بە سەرچاوەیەکی بایەخدار بۆ تۆماری ڕووداوەکان و تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئەو قۆناغەی دەوڵەتی پەهلەوی بەرامبەر مەترسییەکانی پەیماننامەی لۆزان دادەنرێت.

ئەم توێژینەوەیە، بە پشتبەستن بە میتۆدێکی زانستی، تاوتوێی دوو ڕۆژنامەی ئاراستە جیاوازی ئێرانی (شفق سرخ، قرن بیستم) کردوە، کە لە قۆناغی پەیماننامەی لۆزان و پراکتیزەکردنی نەخشەڕێگاکەیدا، ئەرکی چاودێری و ڕووماڵ و شرۆڤەیان گرتۆتەئەستۆ.

دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر ئەو پەیماننامە مەترسیدارەدا، لەبەر ڕۆشنایی هەواڵ و داتا و شرۆڤەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە، تاوتوێی هەڵوێستی ئێران و ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕ و کاریگەرییەکانی پەیمانەکە دەکەین.

## میتۆدنامە

لەم بەشەدا، نەخشەڕێگای توێژینەوەکە و وردەکارییەکانی لە ڕووی بایەخ و گرنگی، ئامانجەکانی، میتۆد و سامپڵەکانی، پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و لەمپەرەکانی بەردەمی و چەند ڕەهەندێکی تری میتۆدنامە دەخەینەڕوو.

**ناونیشانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانی)یە، دوو ڕۆژنامەی ئاراستە جیاواز بەنمونە وەرگیراوە، کە لە ساڵی (١٩٢٣ز)دا، هەواڵ و شرۆڤەیان دەربارەی پەیماننامەی لۆزان و لێکەوتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

فاکتەری هەڵبژاردنی ناونیشانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زانیاری و شرۆڤەی گرنگ لەو دوو ڕۆژنامەیەدا، دوای تێپەڕینی سەدەیەکیش بە سەرچاوەیەکی پڕبایەخ بۆ هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو قۆناغە دادەنرێت، بە جۆرێک بە وردی چاودێری پێشهاتەکانی ئەو قۆناغە چارەنوسسازەی گەلی کوردی لەخۆگرتوە.

**گرنگی توێژینەوە:**

هەوڵدان بۆ دەرستخستنی ئەرشیفی سەدەیەک لەمەوبەری ڕۆژنامەگەری، لە پێناو دەستخستنی هەواڵ و داتای گرنگ لە بارەی پەیماننامەی (لۆزان)، کە گەورەترین کاریگەری لەسەر چارەنوسی نەتەوەکەمان هەبووە، بە یەکەمین توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، بۆ زانینی باسوخواسی ئەو پەیماننامەیە و لێکەوتەکانی لەسەر نەتەوەی کورد و نەخشەی سیاسی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژنامەگەریدا.

لە ڕووی مێژووییەوە، هەڵسەنگاندنی قۆناغێکی هەستیاری مێژووی گەلی کوردە، لە ساتی پیلانێکی نێودەوڵەتی بۆ زەوتکردنی مافەکانی. لە بواری ئەکادیمیشدا، هاندانێکە بۆ توێژەران، تا بە پشتبەستن بە ئەرشیفی ڕۆژنامەگەری وڵاتانی تر، هەوڵی دۆزینەوە و تاوتوێی داتا و دیکۆمێنت بکەن، لەبارەی ئەو قۆناغانەی کاریگەرییان لەسەر چارەنوسی گەلی کورد و خاکی کوردستانیش هەبووە.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، ئەم ئامانجانە بهێنێتەدی:

١-دەستنیشانکردنی هەڵوێستی ئێران لە هەمبەر پەیماننامەی لۆزان بە پشتبەستن بە داتا و دیکۆمێنتەکانی بواری ڕۆژنامەگەری.

٢-خستنەڕووی ڕەهەندەکانی بایەخدان بە پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانیدا.

٣-هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی دوو ڕۆژنامەی ئاراستە جیاوازی ئێرانی (شفق سرخ، قرن بیستم) لە هەمبەر پەیماننامەی لۆزان و لێکەوتەکانی.

٤-تاوتوێی شێوازی شرۆڤەی پەیماننامەی لۆزان لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا، سود و قازانجیان بۆ مێژووی گەلی کورد.

**کێشەی توێژینەوە:**

لە چوارچێوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا، هەوڵماندواە، وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی بدەینەوە، کە ئەویش: ئایا ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانی لە چ ئاستێکدا بووە؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارە سەرەکییەشدا، هەوڵدراوە بە تێروتەسەلی، وەڵامی ئەم پرسیارە لاوەکییانەش بخەینەڕوو:

١-ئایا ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، چۆن هەڵوێستیان لە هەمبەر پەیماننامەی لۆزاندا خستۆتەڕوو؟

٢- ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، بایەخی بە چەند ڕەهەندی پەیماننامەی لۆزان داوە؟

٣-ڕۆژنامەکانی (شفق سرخ، قرن بیستم) لە ئێراندا، کە هەڵوێست و ئاراستەیان جیاواز بووە، چۆن کاریگەرییەکانی پەیماننامەی لۆزانیان تاوتوێکردوە؟

٤- هەواڵ و داتاکانی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی لە بارەی پەیمانی لۆزان، تا چەند سودبەخشە؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە پێناو تاوتوێیەکی زانستییانەدا، میتۆدی توێژینەوەکە بە گوێرەی بابەتی سەرەکییەکەیە (ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانی)، بەتوێژینەوەیەکی (جۆری- Qualitative) دادەنرێت، هەردوو میتۆدی (شرۆڤەی ناوەرۆک) و (ڕاڤەی کتێبخانەیی) بەکارهێنراوە، کە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بریتین لە تاوتوێی (دیکۆمێنت و نوسراو). ئەم ڕێبازەش بە باشترین بژاردە دادەنرێت بۆ توێژەران. بە مەبەستی تێگەیشتنی قوڵتر و شرۆڤەی هەمەلایەنە بۆ ئەو بابەتانەی، کە ڕەگوریشەیەکی مێژووییان هەیە. لە هەمانکاتدا سەرچاوەی داتاکانیش، بریتین لە چاپەمەنییەکانی ئەو قۆناغەی بەسامپڵ وەرگیراوە.

**بواری توێژینەوە:**

سێ بواری لەخۆگرتوە:

ا- بواری شوێن: ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، کە لە تارانی پایتەختدا چاپ کراون، لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا بڵاوکراونەتەوە.

ب- بواری کات: توێژەر سەرجەم ژمارەکانی ساڵی (١٩٢٣ز)ی هەردوو ڕۆژنامەی (شفق سرخ، قرن بیستم) وەک سامپڵی کات هەڵبژاردووە.

ج-بواری بابەت: تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە، ئەو هەواڵ و وتار و ڕاپۆرتانەیە، کە لەبارەی پەیماننامەی لۆزان، لەماوەی ساڵی (١٩٢٣ز) لە ڕۆژنامە سامپڵەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

**کۆمەڵگای ئاماری:**

لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگای ئاماریی، بریتییە لە (٢) ڕۆژنامەی جیاواز، کە لە ماوەی ســـاڵی (١٩٢٣ز)دا، بە تیراژێکی فراوان لە ئێران چاپ و پەخش کراون. ســـەرجەم ژمـارەکـانی ئەو

ساڵەش بەسامپڵ وەرگیراون، دوای شرۆڤەی ناوەرۆکی بابەتەکان، بە پشتبەستن بە میتۆدێکی زانستی، هەڵسەنگاندن و تاوتوێکراون.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

لە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپ دەبیتەوە، دیارترین ئاستەنگەکانی توێژەر بریتی بوون لە:

-کەمی دیکۆمێنت و دژواری لە دەستخستنی ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی سەدەیەک لەمەوبەر، بە تایبەت کە باسی وردەکارییەکانی پەیماننامەی لۆزان بکات .

-تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پێشوەخت لە بارەی هەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی لەهەمبەر پەیماننامەی لۆزان بە زمانی کوردی ئەنجام نەدراوە.

**وشە کلیلییەکان: پەیماننامەی لۆزان، چارەنوسی کورد، ڕۆژنامەگەریی ئێرانی.**

## ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانیدا

دوو ڕۆژنامەی ئاراستە جیاواز بە نمونە

پێشەکی

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە چارەنووسی گەلان و دیاریکردنی سنوری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لەو دۆسیە گەرموگوڕانە بوو، کە زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە بواری ڕۆژنامەگەریی سەدەی بیستەمدا هەبووە، ئەمەش بە سەرچاوەیەکی بە نرخ بۆ تۆماری ڕووداو و هەڵوێستی وڵاتان و دانیشتوانەکانیان دادەنرێت. بە جۆرێک، ئەمڕۆ دەتوانین، بە شرۆڤەی ناوەرۆکی هەواڵ و دەنگوباس و بابەتە میدیاییەکانی ئەو سەردەمە، تاوتوێی بارودۆخەکە و ئاستی هەڵوێست و بۆچوونەکان بکەین، لەبارەی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە.

بواری ڕۆژنامەگەریش لە ماوەی چەندین سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی ڕوومالّی هەواڵی گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکاندا بینیوە. ژێدەرێکی متمانەپێکراویشە بۆ نوسینەوەی مێژووی قۆناغێک یاخود هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکەی خۆی.

پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣ز) کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە لایەن کۆمەڵێک دەوڵەتەوە پیلانی بۆ داڕێژرا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنوسی گەلی کورد هەبوو. تا ئێستاش لێکەوتە نامرۆییەکانی ئەو پەیماننامەیە، لەسەر ژیان و دوارۆژی گەلەکەمان بەردەوامە.

لە قۆناغی نەخشەڕێژی بۆ ئەم پەیماننامەیە و هەوڵی وڵاتانی زلهێز بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیە نێودەوڵەتییەکان بە قازانجی دەوڵەتانی داگیرکەر یاخود ئیستیعمار، ڕۆژنامەگەریی نەتەوە سەردەستەکان بە شێوەی ڕۆژانە ڕوومالّی هەلومەرجی بەستنی پەیماننامەی لۆزانیان وەک ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی کردوە. ئەمڕۆ دوای تێپەربوونی سەدەیەک، زانیاری و هەواڵەکانی ڕۆژنامەگەری، بە دەروازەیەکی باش بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە پێشهاتەکانی قۆناغەکە دەخاتەڕوو.

لەم ڕوانگەیەوە، توێژەر نمونەی دوو ڕۆژنامەی ئاراستە جیاوازی ئێرانی بەسامپڵ وەرگرتوە، کە بە شێوەی ڕۆژانە، زانیاری و هەواڵەکانی پەیماننامەکەیان بڵاوکردۆتەوە.

**بەشی یەکەم:**

## باسی یەکەم: هەڵوێستی دەوڵەتانی ئێران- تورکیا و پەیماننامەی (لۆزان)

دەروازە:

هەردوو دەوڵەتی نوێی ئێران و تورکیا لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، بە هۆی دۆزی کوردەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی قوڵی ناسیۆنالیستی لە فۆرمی سیاسی و چەکداریدا ببوونەوە.

لە سەرەتای مانگی نیسانی (١٩٢١ز)دا، وەزیری دەرەوەی ئێران، لەسەر چەکدارکردنی کوردە شۆڕشگێڕەکان لە لایەن تورکەکانەوە، گلەیی لای باڵیۆزی بەریتانیا کرد (کالیراد، ١٣٩١، ص ١٢٨). ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ زیندووکردنەوەی زەمینەی هاریکاری و پیلانی نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئێرانی پەهلەوی بە مەبەستی بە گژداچوونەوەی چالاکی شۆڕشگێرانی کورد. پەیوەندییەکی نافەرمی لە نێوان تاران و ئەنقەرەدا هاتەئارا. دەوڵەتی قەوامولسەڵتەنە لە ئێران نوێنەری بۆ دانوستان بۆ ئەنقەرە نارد، لە ڕۆژی (٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢١ز)دا، شاندێکی دیپلۆماسی لە ئێرانەوە چوو بۆ ئەنقەرە. دوای سێ ڕۆژ لە سەردانەکەش، (یوسف کەمال) وەزیری دەرەوەی تورکیا لە پەرلەماندا ڕایگەیاند، لەگەڵ ئێراندا سەرقاڵی دیاریکردنی سیاسەتێکی هاریکاریی هاوبەش و بەهێزکردنی پەیوەندییەکی دۆستانەین. (رضانژاد، ١٣٩٣، ص ١١٧).

هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی تورکیا بۆ پەیماننامەیەکی نوێ، لە پێناو پێداچوونەوە بە ماددەکانی پەیمانی سیڤەر بوو، بە تایبەت ئەو بڕگانەی پەیوەندیدارن بە چارەنوسی گەلی کورد و ویلایەتی موسڵ.

ئامانجی سەرەکی تورکیا بە سەرکردایەتی (کەمال ئەتاتورک)، بە دوو ئاراستە کاری دەکرد: یەکەمیان، دژ بە ئیسلامی و گروپە مەزهەبییەکان، دووەمیان، دژ بە نەتەوە ناتورکەکان، بە تایبەت گەلی کورد. پەیماننامەی لۆزانیش یاریدەی سەرخستنی ئەم ئاراستەیەی ئەتاتورکی دا چونکە لە پەیماننامەکەدا کەمینەکان بە پێی ئایینەکەیان ناسێنران، نەک لەسەر بنەمای نەتەوە. لەبەرئەم فاکتەرەش تورکەکان گەلی کوردیان بە تورکە چیانشینەکان ناودەبرد و مۆڵەتیان بە بوونی زمانی کوردی و تایبەتمەندییە کلتورییەکانیان نەدەدا و قەدەغەیانکرد. (موثقی، ١٣٩٥ ص ٧٢٦).

لەم بەشەدا، هەڵوێستی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بۆ پەیمانی لۆزان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆسیەی کورد تاوتوێدەکەین.

### ١-١: هەڵوێستی ئێران لە هەمبەر پەیماننامەی (لۆزان)دا

دەوڵەتی ئێران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨ز) کاتێک حکومڕانی قاجارەکان هەرەسیهێنا، (ڕەزا شای پەهلەوی) سیستەمی دەسەڵاتی گۆڕی و بنەماکانی حکومڕانی پەهلەوی لە وڵاتەکەدا چەسپاند. بە هەمان شێوازی (مستەفا کەمال ئەتاتورک)، دەیویست کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە زۆربەی بوارەکاندا بکات، هەم دەسەڵاتێکی میلیتاری دابمەزرێنێت.
بە پێی دیکۆمێنتەکان و پسپۆڕانی مێژووی ئێران، لە سەرەتای حکومڕانی (ڕەزاشا) و (ئەتاتورک)ەوە، کۆمەڵێک ناکۆکی لە نێوان ئێران و تورکیادا دەبینرا، زۆربەی ناکۆکییەکانیش بریتیبوون لە : دۆزی کورد و بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی، یەکلاکردنەوەی سەرسنورەکان، پڕوپاگەندەی تورکیا بۆ پان تورکیزم لەناو ئێراندا).
ترسی دەوڵەتی ئێران لە هەژموونی پان تورکیزم لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە دەبێتە مایەی ڕاکێشکردنی ئازەرییەکانی ئێران بەرەو تورکیا. لەو باوەڕەدابوون: پان ئازەریزم و پان تورکیزم لە ڕووی بنەماوە خاوەنی یەک بنەمای یەکگرتووە و تایبەتمەندی هەردووکیان بریتییە لە نەژادپەرستی، بڕوابوون بە دژایەتی ئێرانی، دژایەتی شیعە، پاشکۆیەتی بۆ تورکیا و جوداخوازی لە ئێران (پورقلی، ١٣٨٦، ص ١٨٦)
هاندەرێکی تر بۆ ئێران تا چاوەڕوانی پەیماننامەیەکی نوێ بێت، سیاسەتی دەوڵەتی نوێی تورکیا بوو، چونکە پەیماننامەکانی پێشووی نێوان عوسمانی و دەوڵەتانی تری هەڵوەشاندەوە. وڵاتانی جیهان بە تایبەت ئێران بە ناچارییەوە، دەیویست پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ تورکیادا هەبێت، چونکە سیاسەتێکی تری نەیارانەی دەوڵەتی تورکیا دژ بە ئێران، بەرنامەڕێژی بوو بۆ ئاشوب لە ئێراندا. ئەم سیاسەتەش لەگەڵ لایەنە کلتوری و پڕوپاگەندەییەکەی، دەستدرێژی سەربازیشی لەگەڵدا بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی سەرسنوری ئێران (بهمنی قاجار، ١٣٩٠، ص ٥٩٤).
لەبەر ئەم فاکتەرە، ئێران دەیویست بە ڕێککەوتن، ڕێگە لە هەژمون و شەڕانگێزی تورکیا بگرێت. بەرپرسانی ئێرانی جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، بە گوێرەی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، گۆڕانی ڕژێمێک نابێت کاریگەری لەسەر پراکتیزەکردنی پەیماننامەکانی ڕابردوو هەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش، ئێران بۆ تاوتوێکردنی گیروگرفتەکانی، کۆمیسیۆنێکی بۆ بە دواداچوون دامەزراند، بە سەرپەرشتی ژەنەڕاڵ (ئەمیر ئەرفەع)، کە ڕایانسپارد، تا دانوستاندن لەگەڵ سەفارەتی تورکیا لە ئێران ئەنجام بدا[i].
لەم هەلومەرجە هەستیارەدا، هەنگاوەکانی زەمینەسازی بۆ پەیمانی لۆزان (١٩٢٣ز)، بە گرنگترین ڕێککەوتنامە بۆ دابەشکردنەوەی سنور و دەسەڵاتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنرێت. لە بارەی هەڵوێستی ئێرانیش، بە پێی لێدوانی فەرمی (قەوامولسەڵتەنە) لە وەڵامی پرسیارێکدا لە مەجلیسی شورای پەرلەمانی ئێران لە ڕۆژی (٢٧ی دەی ١٣٠١هـ.ش، ١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ز) ڕایگەیاند: بە ئێمەیان ڕاگەیاندوە، کە پرۆگرامی کۆنفرانسەکە، تایبەتە بە نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان عوسمانی و یۆنان و بابەتی بوغازەکان، چونکە لەو بابەتانەشدا دەوڵەتی

ئێران بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆی تێدا نییە. هەربۆیە چاوپۆشی لە داواکاری بۆ بەژداری لە کۆنفرانسەکەدا کرد. لەگەڵ ئەمەشدا لە سەرەتای دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا، نوێنەری تایبەتمان بۆ لۆزان نارد تا دەوڵەت ئامادەی وردەکارییەکانی کۆنفرانسەکە بێت). (مکی، ١٣٥٩، ص ١٩٦) دەوڵەتی پەهلەوی لەبەر مەترسییەکانی کۆنفرانسی لۆزان، بەچاوی گوماناوی دەیڕوانییە بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە، بواری ڕۆژنامەگەری فارسیش، بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵیان داوە ڕووماڵی هەڵوێست و رۆڵی وڵاتانی ئەندام لە پەیمانەکەدا بکەن، شرۆڤە بۆ لێکەوتەکانیشی بخەنەڕوو.

### ١-٢: هەڵوێستی تورکیا لەهەمبەر پەیماننامەی (لۆزان)دا

لە گۆڕانکارییەکانی دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨ز) کە هاوکات بوو لەگەڵ هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، دەرفەتێکی زێڕین بۆ مافەکانی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنامەیەکی نوێی نێودەوڵەتی بەناوی (سیڤەر) هاتەئارا کە لە (١٠ی ئابی ١٩٢٠ز) پەسەندکرا. بەپێی دەقی پەیمانە نوێیەکە کە لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و عوسمانیدا مۆرکرا، بەتایبەتی لە ماددەکانی (٦٢-٦٣-٦٤)دا بڕیاردان لە مافی چارەنوسی نەتەوەیی و مرۆیی بە گەلی کورد بەخشرا. (Treaty of Severs, Oxford reference)

دەسەڵاتداری نوێی تورکیا، مەرجەکانی پەیمانی سیڤەری پەسەند کرد، بەڵام ژەنەراڵێکی تورکیا بەناوی (مستەفا کەمال) کە بە بنیادنەری تورکیای مۆدێرن دادەنرێت، شۆڕشێکی دژی مەرجەکان بەرپا کرد. ناکۆکی نێوان وڵاتانی هاوپەیمان پەرەیسەند و ئاستەنگی بۆ پەیمانی سیڤەر دروست کرد. (مستەفا کەمال) بە دیپلۆماسییەکی لێزانانە لە ڕێگای دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا، بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی تورکی بۆ رزگاربوونی تورکیا لە داگیرکەرە بیانییەکان بەرپاکرد، پاشان سەربازانی بەریتانیای لە تەنگەی قوستەنتنییە بەدەرنا. (لۆرد جۆرج) کە نەیتوانی پشتیوانی وڵاتانی هاوپەیمان بە دەستبهێنێت، لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٢٢ز) بە ناچاری داخوازییەکەی (کەمال ئەتاتورک)ی بۆ پێداچوونەوە بە پەیمانی سیڤەردا قبوڵکرد، ئەمەش بەهۆی پەیمانێکی تازەوە کە لە کۆنفرانسی لۆزاندا پەسەندکرا. (نجفی نژاد، ١٣٩٥، ص ١٤٧).

دوو فاکتەری گرنگ، ڕەوتی سیاسەتی تورکیای گۆڕی لە وڵاتێکی وابەستە بە پەیمانی سیڤەرەوە، بەرەو هەوڵدان بۆ ڕێککەوتنامەیەکی نوێ بەقازانجی خۆی.

لە ڕووی فاکتەری ناوخۆییەوە، سەرهەڵدانی بزوتنەوەی (تورکە لاوەکان) بناغەی نوێی بۆ پەرەپێدانی سیاسی، ئابوری و زانستییان لە تورکیادا خستەڕوو، لە ڕاستیدا دەسەڵاتەکەیان لە ماوەی جەنگەکانی باڵکاندا (١٩١١-١٩١٣ز)، بڕیاری دا، کە ناسیۆنالیزمی تورکی وەک تاکە ستراتیژی و ئایدۆلۆژیایەک پەسەندبکات. پان ئیسلامیزمیش کە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید شوێنکەوتەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو، لە مەیدانەکەدا نەما. (Holod, 2005, P6).

بە واتایەکی تر، سەرهەڵدانی بزوتنەوەی پان تورکیزم، توانی وەک سەرجەم تورکەکانی ناوخۆی تورکیا و دەرەوە، لە ڕووی کلتوری و سیاسییەوە یەکبخات. (Landau, 1995,P1).

لەم ڕوانگەیەوە پان تورکیزم، فاکتەری سەرەکی هاتنەئارای ناکۆکی نەتەوەییە لە تورکیای نوێدا، چونکە ناسیۆنالیزمی کەمالیزم، کە سەرچاوەی دەمارگیریی نەتەوەیی و نەژادییە، میللەتی تورکی بەو چەشنە دەناساند: سەرجەم تورکەکان لەخۆدەگرێت، کە لە ناوخۆی سنورەکانی کۆمارەکەدا دەژین (موثقی، ١٣٨١، ص ١٥٧-١٥٨)

هەروەها گەیشتنی (مستەفا کەمال پاشا - ئەتاتورک) بە دەسەڵاتیش، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی تورکیای بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕابردوو دارشتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، هەوڵەکانی بۆ پەیماننامەی لۆزان خستەگەڕ، ئەمەش سەرەتای مەترسییەکانی پێشێلی مافە نێونەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو.

لە ڕووی فاکتەری دەرەکیشەوە، سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە دەرکردنی هێزەکانی یۆنان و بەدەستهێنانی دۆستایەتی ڕوسیای سۆڤێتی، بێلایەنکردنی ئیتاڵیا و فەڕەنسا، دەستگرتنی بەسەر زۆری ویلایەتەکانی تورکیادا، بەریتانیای ناچارکرد بیر لە پێداچونەوەی سیاسەتی خۆی بکاتەوە بەرامبەر بە تورکیای نوێ. مستەفا کەمال ئامادەنەبو مل بۆ جێبەجێکردنی پەیمانی سیڤەربدات. لە (٢١ی شوبات تا ١٤ی ئازاری ١٩٢١)، کۆنفرانسی لەندەن بەسترا. نوێنەری حکومەتەکەی (مستەفا کەمال) کە ئەنقەرەی کرد بە پایتەختی خۆی و نوێنەری حکومەتەکەی سوڵتان محەمەدی شەشەم، کە لە ئەستەموڵ دائەنیشت، بۆ کۆنفرانس بانگکران. بەریتانیا داوای لە نوێنەری حکومەتەکەی مستەفا کەمال کرد، کە لەو کاتەدا زۆری قەڵەمڕەوی تورکیای هێنابوە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە، پەیمانەکە ئیمزابکەن. بەڵام ئەوان ئامادە نەبون قبوڵیبکەن، بەڵکو تورکیا داوای گێڕانەوەی موسڵی دەکرد. کۆنفرانسی لەندەن بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی سەرکەوتو، کۆتایی هات. بەڵام لەم کۆنگرەیەدا، تورک تێگەیشت، کە بەریتانیا ئامادەیە بۆ بەستنی پەیمانێکی نوێ لە بڕی پەیمانی سیڤەر، بەریتانیاش تێگەیشت، کە تورک ئامادەیە بۆ قۆناغێکی نوێی لەیەکگەیشتن. لە ڕۆژی (٢٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ز)دا کۆنفرانسی یەکەمی لۆزان بە ئامادەبوونی نوێنەری تورکیای کەمالی دەستیپێکرد، ئەگەرچی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی لەم کۆنفرانسەدا پەیمانی سیڤەریان بە تەواوی پشتگوێخست، بەڵام نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

لە (٢٣ی نیسانی نیسانی ١٩٢٣ز) کۆنفرانسی دووەمی لۆزان دەستیپێکرد، ئەمجارەیان گەیشتنە ڕێککەوتن، پەیمانێکیان بەست، کە بە (پەیمانی لۆزان) ناسراوە. بەڵام کێشەی موسڵ بە چارەسەرنەکراوی مایەوە. پێکهاتن لەسەرئەوەی، لە گفتوگۆیەکی دووقۆڵی دۆستانەدا، کێشەکە بەلایەکدا بخەن. ئەگەر لەماوەی (٩) مانگدا نەیانتوانی لەسەر چارەنوسی موسڵ ڕێکبکەون، ئەوا کێشەکە بنێرن بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، بۆ ئەوەی دوابڕیاری لەسەربدرێت. (ئەمین،٢٠٠٢، لا ٣٠٦).[ii]

سەرەنجام پەیماننامەی لۆزان لە (٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ز) لە لایەن وڵاتانی ئەندامەوە[iii]، لە سویسرا مۆرکرا. کە تیایدا، دەوڵەتی تورکیا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە کۆمەڵێک مافەوە بە فەرمی ناسرا. (لوزان صلح معاهدەنامەسی، ٢٤تموز ١٩٢٣)[iv].

ئەم پەیمانە بە فەرمی سیستەمی حکومڕانی تورکیای لەسەر بنەمای پێشێلی مافی چارەنوسی گەلی کورد پەسەندکرد، لەهەمانکاتدا کێشەیەکی خوێناوی سەد ساڵەی بۆ ئەم دەوڵەتە نوێیانە دروستکرد، کە تائێستاش لێکەوتەکانی لەسەر ڕەوشی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەت نەتەوەی کورد، بە شێوەیەکی تراژیدی بەردەوامە.

## ١-٣: هەڵوێستی ئێران و تورکیا لە هەمبەر دۆزی کورد

چارەنوسی گەلی کورد لەناو چوارچێوەی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیادا، وێڕای هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و حکومڕانی قاجارەکان و کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، کە نەخشەی سیاسی گۆڕی. بەبێ چارەسەر و وەک کێشەیەکی ئاڵۆزی سیاسی، ببووە مایەی مەترسی بۆسەر تەماحکارییەکانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لەسەر خاکی کوردستان، بە تایبەتی هیچیان ئامادە نەبوون بە شێوەیەکی مرۆیی و تەنانەت وەک هاووڵاتییەک، مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

هاتنەئارای دوو دەسەڵاتداری دیکتاتۆر لە تورکیا و ئێراندا، کە هەردووکیان سیاسەتیان دەرهەق بە میللەتانی تر وەکیەک بوو. لە هەمانکاتدا دەیانویست لە مۆدێلی حکومڕانیدا لاسایی یەکتر بکەنەوە تا هەژموون بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا پەیدابکەن.

هاتنەسەرکاری (کەمال ئەتاتورک) لە تورکیا دوای هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، تا ئەندازەیەک هاوکات بوو لەگەڵ هاتنەئارای (ڕەزا شای پەهلەوی) لە ئێران، هەردوو وڵات بڕیاریاندابوو، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان پێکەوە دابڕێژنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک دۆسیەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبوو، کە پەیماننامەی لۆزان ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ئەو دۆسییانە بینی.

بە بڕوای نوسەری بە ناوبانگ (نەجەفقولی پسیان)یش: دۆسیەیەکی گرنگ، کە هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا لەسەری ناکۆک بوون، چالاکییەکانی کورد بوو، کە ببووەمایەی شەڕوپێکدادان لەسەر ناوچەکانی سەرسنوری هەردوو وڵات. (پسیان، ١٣٧٧، ص ٤٣٣-٤٣٤).

ئامانجی سەرەکی ئێران بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، فاکتەرەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە لە گۆڕەپانەکەدا، ببووە موستەعمەرەی هەردوو وڵاتی ڕوسیا و بەریتانیا. میللەتی ئێرانیش گیرۆدەی شکستێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەربازی بووبووەوە، لەو هەلومەرجەدا (ڕەزا شا) لە مێژووی ئێراندا هاتەئارا. (پیمائی،٢٠٠٥، ص ١٩-٢٠).

لەم ڕوانگەیەوە، هەردوو وڵات، دەیانویست سیاسەتێکی هاوبەش بۆ یەکلاکردنەوەی دۆزی کورد بگرنەبەر. بەڵام بە پشتبەستن بە شێوازی تواندنەوەی کەسێتی کورد لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا.

(ڕەزا شای پەهلەوی) دوای سەردانێکی بۆ تورکیا، زۆر لە ژێر کاریگەریی سیاسەتە نوێیەکانی، دوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو، دوای گەڕانەوەشی بۆ ئێران، بڕیاری دا لە ڕووی ڕواڵەتەوە ئێران هاوشێوەی تورکیا بێت، وەک: گۆڕینی پۆشاک، دامەزراندنی زانکۆ،

دامەزراندنی زانکۆی باڵای سەربازی (دانشگاه عالی نظامی)، ئاژانسی پارس، دامەزراندنی فەرهەنگستانی ئێران... سەرجەم هەنگاوەکانیش لە ژێر کاریگەری تورکیادا بوو. (طلوعی، ١٣٧١، ص٩٤).

لەبارەی وردەکاری پیلانەکانی (ڕەزاشای پەهلەوی) بۆ کۆتایهێنان بە داخوازییەکانی دۆزی کورد بە ڕێگەی چەک و توندوتیژی، (د.سادق زیباکەلام) پسپۆڕی بوارەکە نوسیویەتی: (ڕەزا شا) دوای مانۆڕێکی (٦) مانگی لە بەرەی باکور دژ بە جەنگەڵییەکان، ئامانجی دواتریشی کوردانی خۆرئاوای وڵاتەکە بوو. ئیسماعیل خانی سمکۆ ساڵەهابوو کوردستانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەدەبرد، هیچ کام لەو هەوڵانەی لەو سەردەمەدا دژ بە کوردەکان ئەنجامدرا، سەرکەوتوو نەبوو. ئەو شکستانەی ئێرانیش، ببووە مایەی بە هێزبوونی ڕۆحی کوردەکان و بەردەوام سەربەخۆییەکەیان زیاتر دەبوو. چەند هەوڵێکی سەرەتایی ڕەزاشا، ڕووبەڕووی شکست بۆوە و بە زیانێکی سەختی هێزەکانی دەوڵەت کۆتایهات. دواجار ڕەزاشا دوای بەکارهێنانی سەرجەم سوپاکەی و بە سودوەرگرتن لە ئەفسەرە بە ئەزموونەکانی، لە (هاوینی ١٩٢٢ز) پەلامارەکەی دەستپێکرد. لە ئەنجامدا، دوای نزیکەی دوو مانگ شەڕ و ئەنجامدانی زنجیرەیەک هێرش، توانی لە شەڕێکی سەختدا پاشەکشە بە سمکۆ بکات، بەرەو شاری مەهاباد و قەڵاکانی تری کوردەکان. پاشان سمکۆ بەرەو تورکیا پاشەکشەی کرد، ڕەزاشا توانی لە ماوەی چەند هەفتەی دواتردا، بە تایبەت بەر لە دەستپێکی وەرزی سەرما، ئازربایجانی خۆرئاوا (مەبەست لە دەڤەری موکریان، شارەکانی ورمێ، شنۆ و میاندواوە) و کوردستان لە دەست هێزەکانی سمکۆ وەربگرێتەوە. (زیباکلام، ١٣٩٨، ص ١٤٢).

(ڕەزاشا) توانی نارەزایەتی نەتەوە و کەمینە و هۆزەکان بە زەبری چەک سەرکوتبکات، وەک: شاهسۆن، کەهکیلویە لە دەڤەری فارس، کوردانی سنجاب لە کرماشان، بلوچ، لوڕ، تورکمانەکانی مازەندەران، کوردانی خۆراسان، عەرەبەکانی لایەنگری شێخ خەزعەل (أبراهمیان،١٣٨٤، ص١٤٩). دەوڵەتی نوێی تورکیاش دەیویست ئاشتەوایی لەگەڵ ئێراندا هەبێت، تا مەرجەکانی خۆی لە پەیمانی لۆزاندا بهێنێتەدی، کە گرنگترینیان سەرکوتکردنی دۆزی کورد بوو. ئەنجامی پەسەندکردنی پەیماننامەی لۆزان: مافی ئەوەی بە تورکەکان بەخشی، کە خواستەکانی گەلی کورد پێشێلبکەن و بزوتنەوەکەیان لە پێناو سەربەخۆیدا خوێناوی و سەرکوتبکەن. (هاکوپیان،١٣٨٥، ص ١٣٦).

پەیوەندیی دەرەوەی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، لەو قۆناغەدا بە چارەسەری ناکۆکییە دێرینەکانیان لەسەر بابەتی سنور و کلتوری نێوانیان، تا ئەندازەیەک ئاسایی بۆوە و بەرهەمەکەی پەیوەندییەکی نزیک بوو بۆ ماوەی (١٦) ساڵ (١٩٢٥-١٩٤١ز). (دکتر خویی، ١٣٩٠، ص ٢٤).

پەیمانی لۆزان ئامانجێکی سەرەکی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی پەهلەوی و تورکیای کەمالی هێنایەدی، کە سەرکوتکردنی خەباتی مەدەنی و شۆڕشگێڕی کورد بە شێوەیەکی کاتی بوو، بەڵام بنەماکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لە پێناو هێنانەدی مافەکانی، وەک

پشکۆی ژێر خۆڵەمێش لە چاوەڕوانی هەلومەرجێکی شیاودا بوو، تا سەرلەنوێ خەبات بۆ چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی هەڵبگیرسێنێتەوە.
بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکی

## ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان

## لە هەردوو ڕۆژنامەی (شفق سرخ) و (قرن بیستم)ی ئێرانیدا

**دەروازە:**

ڕۆژنامە سەرەکییەکانی سەرەتای دامەزراندنی زنجیرەی حکومرانی پەهلەوی، بایەخێکی زۆریان بەگۆرانکارییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر چارەنوسی ئێران دەدا، بۆ ئەو مەبەستەش، هەواڵ و شرۆڤەیان بڵاوکردۆتەوە، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و دروستکردنی ڕای گشتی لە بەرامبەر ئەو پێشهاتانەی لە جیهاندا هاتنەئارا.

(پەیماننامەی لۆزان) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بە گرنگترین پەیماننامە دادەنرێت بۆ بێبەشکردنی گەلانی ژێردەستە لە مافەکانیان، لەگەڵ گرفتەکانی بەردەم دەستڕاگەیشتن بە وردەکارییەکانی پەیماننامەکە. ڕۆژنامە سەرەکی و پرتیراژەکانی ئێران، هەوڵیانداوە، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕوومالّی بکەن. دوای تێپەڕبوونی سەدەیەکیش بەسەر پەیماننامەکەدا، ئێستا ڕۆژنامەکان بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و تێگەیشتن لەو قۆناغە.

ڕۆژنامەگەریی ئێرانی لە سەردەمی پەیمانی لۆزاندا، گۆڕانکارییەکی گرنگ بەسەر ستایل و ئاراستەیدا هاتبوو. هەوڵیاندەدا، هەواڵ و شرۆڤەی تایبەت بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی جیهان بۆ خوێنەرانیان بخەنەڕوو، تا ڕای گشتی وڵاتەکە ئاراستەبکەن.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دید و بۆچوونی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی لە قۆناغی چارەنوسسازی بەستنی کۆنفرانسی لۆزاندا، لەم توێژینەوەیەدا دوو ڕۆژنامەی پرتیراژمان دەستەبژێرکردوە.

هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕۆژنامەیەش، وەک سامپڵی توێژینەوە، فاکتەرەکەی بۆ ئاراستە جیاوازەکانیان دەگەڕێتەوە، بوونی ئەم جیاوازییە لە دید و بۆچوونی ڕۆژنامەکاندا، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر بۆ ڕەنگدانەوەی پەیمانی لۆزان لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانیدا.

***میتۆد:**

بە پشتبەستن بە پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی شرۆڤەی ناوەرۆکی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕەنگدانەوەی بابەتە سەرەکییەکە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بەکارهێناوە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکانیش بە شێوازی (میتۆدی شرۆڤەی کتێبخانەیی)یە، کە ڕێبازێکی سەرەکییە بۆ تاوتوێی دیکۆمێنت و ئەرشیف بە مەبەستی توێژینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەرگرتنی سامپڵی مەبەستدار بەکارهێنراوە، تیایدا، سەرجەم ئەو بابەتانەی لە بارەی پەیماننامەی (لۆزان)ە، شرۆڤە کراون. کە لە دوو ڕۆژنامەی بە ناوبانگی ئێرانی (شفق سرخ، قرن بیستم)دا بڵاوبوونەتەوە.

***کۆمەڵگای ئاماری**

ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵگای ئامارییەکەی بریتییە لە ڕۆژنامە ناسراوەکانی (شفق سرخ، قرن بیستم)، کە لە ساڵی (١٩٢٣ز) لە ئێران چاپ و بڵاوکراونەتەوە. سەرجەم زانیاری و هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە (پەیماننامەی لۆزان) لە دووتوێی هەردوو ڕۆژنامەکەدا دەستنیشانکراون.

توێژەر بۆ تاوتوێی ئاستی ڕەنگدانەوەی (پەیماننامەی لۆزان) لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، ئەم دوو ڕۆژنامەیەی لەبەر ئەو ئامانجە ئەکادیمییە بە سامپڵ وەرگرتوە، کە ئاراستەیان لە یەکتر جیاوازە.

**١-ئاراستەی لایەنگرانی دەسەڵات (ڕۆژنامەی شفق سرخ):**

ڕۆژنامەی (شفق سرخ) ڕۆژنامەیەکی ناسراوی پرتیراژ بوو. یەکەمین ژمارەی لە (١١ ئیسفەندی ١٣٠٠هـ.ش،٢ی ئازاری ١٩٢٢ز) بڵاوکراوەتەوە. سەرەتا هەفتەی سێ ژمارە و پاشان بە شێوەی ڕۆژانە لە سەرتاسەری ئێراندا، بە قەبارەی چوار لاپەرە چاپدەکرا. ڕۆژنامەکە لە سەرەتادا بانگەوازی بە پەلەی بۆ کۆماری ڕەزاخان دەکرد، (عەلی دەشتی)ی سەرنوسەریش بەو هۆیەوە ناسرابوو. ناوبراو بەلایەنگرێکی سەرسەختی (ڕەزاخانی پەهلەوی) دادەنرا. (ملکزاد، ١٣٨٩، ص٢) بۆچوونی (عەلی دەشتی) بۆ (ڕەزاشای پەهلەوی)، بریتیبوو لە کەسێکی نیشتیمانپەروەر، چالاک و پڕ لە غیرەت و توندرۆ، پاشان بە هۆی جیاوازی بیروباوەڕ لەگەڵ ڕەزاشادا، گۆڕانی بەسەرداهات. (علی، ١٣٣٩، ص١٩٠).

سەرنوسەری ڕۆژنامە، لە ئەنجامدا ڕووی لە سیاسەت کرد، ساڵی (١٩٢٦ز) خۆی بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی شورای میللی کاندید کرد و دەنگی زۆری بەدەستهێنا. (قاسمی، ١٣٩٠، ص ٢٤٢). بە پێی دیکۆمێنتێکی زۆر نهێنی، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت کراوە، چەند ڕۆژنامەیەک بە پێی ڕێنماییەکان لە سانسۆر بەخشراون، کە یەکێکیان ڕۆژنامەی (شفق شرخ)ە. (روحانی، ص ١٢٢).

پاشان دەسەڵات کاری پێنەما، پارێزبەندی پەرلەمانیشی لێستێنرایەوە و لە زیندانی دەوڵەتدا دەستبەسەرکرا. (أبراهمیان، ١٣٨٤، ص١٩١).

**٢- ئاراستەی ڕەخنەگر و ئۆپۆزسیۆن (ڕۆژنامەی قرن بیستم):**

یەکەمین ڕۆژنامە بە ناوی (قرن بیستم)، کە ئاراستەیەکی ئۆپۆزسیۆنی هەبووە. دامەزرێنەرەکەی سەید محەمەد ڕەزا کوردستانی (١٨٩٤-١٩٢٤) ناسراو بە (میرزادەی عیشقی)، شاعیر و ڕۆژنامەنوس و نوسەر و شانۆنامەنوسی مۆدێرنیستی سەردەمی مەشروتەیە، ناوبراو بە نەتەوە کوردە و کوڕی (سەید ئەبولقاسمی کوردستانی)یە.

(عەشقی) لە ساڵی (١٩٢١ز) ڕۆژنامەی (قرن بیستم)ی دامەزراند و ڕۆژی (٦ی ئایاری ١٩٢١ز)دا یەکەمین ژمارەی بڵاوکردەوە، لە ڕاستیدا سەکۆیەک بوو بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و ڕەخنەکانی لە هەمبەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، کە بە هۆی وتار و دروشمە توندە شۆڕشگێڕییەکانییەوە، چەندین جار ڕووبەڕووی داخستن بۆتەوە. لە هەمانکاتدا وەک ڕێزگرتنێک

لە بیروڕای جیاواز، لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا (ژ١٤، لا٣، ١٠ی ئازاری ١٩٢٣ز) پیرۆزبایی ساڵی نوێی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (شفق سرخ) کردوە.

بە پێی چەندین بۆچوون، وتارەکانی میرزادەی عەشقی لە دواژمارەکانی ڕۆژنامەی (قرن بیستم) هێندە توندن، کە بوونە مایەی تیرۆرکردنی. کۆمەڵێک دروشمی دژ بە کۆماری (ڕەزاخانی پەهلەوی) نوسی، ڕۆژنامەیەکەی داخرا و سەرجەم ژمارەکانی لە لایەن پۆلیسەوە کۆکرایەوە. ناوبراو ڕۆژی (١٢ی تیرماهی ١٣٠٣هـ.ش،٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ز) لە تەمەنی (٣٠) سی ساڵیدا تیرۆرکرا. (مرکز اسناد، ١٩ میهری ١٤٠١) و (علی بابایی، ١٣٨٤، ص٢٢٨).

بە بڕوای پسپۆڕی بە ناوبانگ (عەمیدی نوری)، وتارە ڕەخنەگرەکانی میرزادەی عیشی دژ بە ڕەزاشا و کۆمارەکەی، بووە مایەی تیرۆرکردنی. ( رجوع کنید بە: عمیدی نوری، ج ١، ص ٢٩٩؛ صدر هاشمی، ج ٤، ص ١٠٥ـ ١٠٧)

لەم شیکارییەدا، سەرجەم ژمارەکانی خولی دووەمی ڕۆژنامەی (قرن بیستم) شرۆڤەکراوە.

**یەکەم: ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی لۆزان لە ڕۆژنامەی (شفق سرخ)دا**

ئەم ڕۆژنامەیە، لە سەرجەم ژمارەکانیدا تەنها لە بواری هەواڵ و شرۆڤەدا ڕوومالّی پەیماننامەی لۆزانی کردوە، سەرچاوەی هەواڵەکانیشی (ئاژانسی ڕۆیتەرز، بێسیمی مۆسکۆ) و چەند ڕۆژنامەیەکی ئەوروپی بووە، کە وەک ژێدەر ئاماژەی پێداون.

لێرەدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی تاوتوێی ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە دەکەین.

**١–هەواڵ و زانیاری لە بارەی پەیماننامەی لۆزان**

**–هەواڵەکانی زەمینەسازی بۆ پەیمانی لۆزان:** بۆ یەکەمین جار ڕۆژنامەی (شفق سرخ) لە (١٢ی نیسانی ١٩٢٣) هەواڵی کۆنفرانسی لۆزانی لە ژێرناوی (کۆنفرانسی ئاشتی) بڵاوکردۆتەوە و نوسیویەتی: هەواڵێک لە ئەنقەرەوە لەڕێگای ئیستامبولەوە وەرگیراوە، دەریدەخات شورای لیژنەی دەوڵەت پێداچوونەوەیەکی لە وەڵامدانەوەی عوسمانیدا بۆ هاوپەیمانانی داوەتەوە و پێشنیازی کردوە، کۆنفرانسی ئاشتی لە کۆتایی مانگی نیساندا پێکبهێنرێت. بۆ شوێنی کۆنفرانسیش، ئەنقەرە هێشتا وەڵامی یاداشتی هاوپەیمانانی نەداوەتەوە، بەڵام بە پێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتوە، پێشبینیدەکرێت کۆنفرانسی ئاشتی لە ڕۆژی (١٥ی نیسان) لە سویسرا بەڕێوەبچێت[v].

مەرجێکی گرنگی هەواڵ لە بارەی پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان، پێشبینییە بۆ لایەنە پێکهێنەرەکانی ڕووداوێک و شوێنەکەی. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆژنامەکە پێشدەستی لە بارەی بەستنی پەیماننامەکە و دەستنیشانکردنی شوێنەکە کردوە. ڕۆژنامەکە لە هەواڵێکی گرنگدا بۆ یەکەمین جار ناوی وڵاتانی بەژدار لە کۆنفراسی لۆزانی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا هاتوە: سکرتێری گشتی کۆنفرانسی لۆزان، هەریەک لە وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، یوگۆسلاڤیا، ڕۆمانیا، بەلجیکا، ئەمریکا و عوسمانی بە فەرمی بانگهێشتی کۆنفرانسەکە کردوە، بەڵام ڕوسیا بانگهێشتنەکراوە[vi].

لەڕوانگەی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە، هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی (سیڤەر) بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرا، بۆ زەمینەسازی لە پێناو سەرخستنی پەیماننامەی لۆزاندا. ئەوەی جێگای تێڕامانە، کە

سوڵتانی عوسمانی دوای لابردنی و ناکۆکییە توندەکانی لەگەڵ (مستەفا کەمال ئەتاتورک)، جەختی لەسەر بابەتی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی (سیڤەر) کردۆتەوە. واتا، لەو ڕوانگەیەدا هاوڕابوون.
لە هەواڵێکدا ڕۆژنامەی (شفق سرخ)، هەڵوێستی سوڵتانی عوسمانی (لەسەرکار لابراو) لە بارەی پەیمانی (سیڤەر) ڕایگەیاندوە: سوڵتانی لەسەرتەخت لابراوی عوسمانی لە وتارێکدا بۆ سەرجەم موسوڵمانان ئاشکرایکرد، کە دژ بە بەژداریی عوسمانی بووە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا. بەرپرسیارێتی کارەساتەکان لە ئەستۆی مستەفا کەماڵە. بە هیچ شێوەیەکیش داکۆکی لە پەیمانی سیڤەر ناکەم[vii].
ڕۆژنامەکە هەواڵی یەکەمین دانیشتنی کۆنفرانسی لۆزانی لە (٢٧ی نیسان) بڵاوکردۆتەوە و سەرچاوەکەی (بێسیمی مۆسکۆ)یە، تیایدا هاتوە: لە یەکەمین دانیشتنی کۆنفرانسدا، کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکان دەستنیشانکران. لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری بەریتانیا سەرلەنوێ گوتی: کۆنفرانسی ئێستا چاو بەو بابەتانەدا ناخشێنێتەوە، کە لە کۆنفرانسی یەکەمدا چارەسەرکراون[viii].
دوای چەند مانگێک لە گفتوگۆ، پرۆسەی ڕێککەوتنی دەوڵەتان لە پەیماننامەی لۆزاندا بەرەوپێش چووە. بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (شفق سرخ) لە (٣ی ئایار)دا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: تورکیا پێشنیازەکانی بۆ پەیماننامەی لۆزان ڕادەستی دەوڵەتانی هاوپەیمان کردوە. زۆربەی ماددەکان سیاسین و بە بێ دەستکاری پەسەندکراوە. لە هەمانکاتدا بۆ بواری ئابوری، داواکراوە، کە دوای پەیماننامەکە، تاوتوێ و دانوستاندنی لەسەربکرێت[ix].
**-هەواڵی ناڕەزایەتی و ناکۆکی لایەنەکان لە پەیمانی لۆزاندا:** ڕۆژنامەی (شفق سرخ) لە ڕوومالّی هەواڵەکانی کۆنفرانسی لۆزاندا، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی هەواڵی متمانەپێکراو، بە تایبەت (ئاژانسی ڕۆیتەرز، بێ سیمی مۆسکۆ) ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕوومالّی ناکۆکی و هاوپەیمانێتی وڵاتە زلهێزەکان بینیوە. ئێران لە بارەی پشتگوێخستنی لە پەیمانی لۆزاندا، گلەیی و هەڵوێستی توندی بەرامبەر تورکیا نواندوە. ڕۆژنامەی (شفق سرخ) نوسیویەتی: ئێمە بە بیرهێنانەوەمان ڕادەستی گەورەباڵیۆزی عوسمانی کردوە، کە بە بیری دەوڵەتەکەی بهێنێتەوە، ئەم سیاسەتانەی دوایی، دەبنەمایەی لاوازی خۆیان، چونکە ئێمە میللەتێکی بەهێز و مەزنین، بەرامبەریان بەدگومان دەبین[x].
لەبارەی ناکۆکی نێوان وڵاتانی ئەندام، لە دوو هەواڵدا ئاماژەی بۆ ناتەبایی توندی نێوان عوسمانی و فەڕەنسا کراوە، چونکە تورکیا ویستویەتی ئیمتیازاتەکانی خۆی زیاتر بە ئەمریکا بدات[xi].
لە هەواڵێکی تردا ئاماژەی بە ناکۆکی ئابوری نێوان تورکیا و یۆنان کردوە، تیایدا هاتوە: لە لۆزان، وڵاتانی ئەندام بە فەرمی ناڕەزایەتییان دژ بە داخستنی لقی بانکی ئەسینا لە ئیسلامبوڵ لە لایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە دەربڕیوە[xii]. پاشان چاودێریی گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا کردوە. لە هەواڵێکی تردا هاتوە: لە لۆزان، عیسمەت پاشا نوێنەری عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی یۆناندا کۆبوونەتەوە بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکانیان[xiii].

دەوڵەتی ڕوسیا دەیویست دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ز)، بە مۆدێلی ئیمپراتۆرێکی نوێ بچێتە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی. هەوڵیداوە بە نوێنەرێکی فەرمی لە کۆنفرانسی لۆزاندا بەژدار بێت. لە هەواڵێکی ڕۆژنامەکەدا لە ڕۆژی (١٣ی ئایار)دا هاتوە: هاورێ (ڕادۆسکی) باڵیۆزی ڕوسیا بوو لە لۆزان، تیرۆر کرا و هەواڵەکەی بە شێوەی هەورەبروسکە بڵاوبۆوە[xiv]. ڕوسیا گومانی لە بەریتانیا هەبووە، هەربۆیە یاداشتێکی توندی ناڕەزایەتییان بە یەکترداوە[xv].

بۆ پرۆتستۆی ئەو تیرۆرەش، تەنها تورکیا لە کۆنفرانسی لۆزاندا نیگەرانی دەربڕیوە[xvi].

لایەنێکی تری ناکۆکی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، لەسەر ناردنی بودجە و هاوکاریی دارایی بووە لە لایەن سۆڤییەتەوە بۆ پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی تر. ئەمەش لە ڕوانگەی بەریتانیاوە بۆ دژایەتی هەژموونەکەیەتی[xvii]. کاردانەوەی ڕوسیا لە هەمبەر ئەم هەلومەرجەش، بایکۆتی کۆنفرانسی لۆزان بوو بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو[xviii].

**هەواڵەکانی ڕێککەوتن لە پەیمانی لۆزاندا:** ڕۆژنامەی (شفق سرخ)، لە ماوەی ڕووماڵە بەردەوامەکانیدا، چاودێری نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی دەوڵەتانی ئەندامی کۆنفرانسی لۆزانی کردوە. لە ژمارەی ڕۆژی (٢٨ی حوزەیران)دا هاتوە: (کۆنفرانسی لۆزان: ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە نێوان نوێنەرانی هاوپەیمانان و عوسمانی ئەنجامدرا، تیایدا، سەرجەم ماددەکانی پەیماننامەکە خرایەڕوو. نوێنەرانی هاوپەیمانان سەرلەنوێ ڕایانگەیاند: کاتێک خاکی عوسمانی چۆڵدەکەن، کە سەرجەم بابەتە هەڵواسراوەکان چارەسەربکرێت. بۆ دۆسیەی بابەتی موسڵیش بڕیاردرا تا نۆ مانگی تر بمێنێتەوە[xix].

لە هەنگاوێکی تردا بەرە و ڕێککەوتن، بە پشتبەستن بە هەواڵی بیسیمی مۆسکۆ، ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی (١ی تەمموز)دا بڵاویکردۆتەوە: کۆنفرانسی لۆزان بە گشتی کۆتاییان بە پێداچوونەوە بە پەیماننامەکەدا هێنا. بەڵام کۆمەڵێک بابەتی گرنگ چارەسەرنەکراون، وەک قەرزەکانی عوسمانی، دۆسیەی غرامەکان و چۆڵکردنی ئیسلامبول[xx].

بۆ ڕێککەوتنی بەریتانیا و عوسمانی، ڕۆژنامەکە ئاشکرای کرد: مەجلیسی عەوامی بەریتانیا لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە ئایا بەریتانیا ئامادەباشی بۆ چۆڵکردنی ئیسلامبول کردوە؟ لە وەڵامدا ڕایگەیاندوە، کە بابەتەکە بە تەواوەتی پەیوەستە بە ئەنجامی کۆنفرانسی لۆزان.

لە هەواڵێکی تردا ڕێککەوتنی ئابوری و پیشەسازی لە نێوان عوسمانی و ئەمریکادا لە پەراوێزی کۆنفرانسی لۆزان بڵاوکردۆتەوە، تیایدا هاتوە ئەمریکییەکان چەندین پڕۆژە بۆ تورکیا ئەنجامدەدەن، دیارترینیان: هێڵی ئاسنینی دیاربەکر-موسڵ- سلێمانی و کەرکوکە[xxi].

ڕۆژنامەی (شفق سرخ) لە ڕۆژی (١٤)ی تەممووزدا، چەندین هەواڵی بڵاوکردۆتەوە، کە تا هەفتەی ئاییندە ئیمزا لەسەر پەیماننامەکە دەکرێت، مافی کەمینەکانیش بە تایبەت ئەرمەنی تێدانییە[xxii].

بە پێی هەواڵەکانی ڕۆژنامەکە، لە ڕۆژی (٢٤)ی تەمموز و ڕۆژانی دواتردا، ئیمزا لەسەر کۆی ماددەکانی پەیمانی لۆزان کراوە. بە وردی ئەرک و مافی وڵاتانی ئەندامی تێدایە، جگە لەکەمینەکان[xxiii].

بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە ناکۆکی نێوان وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکە، پاشان قۆناغەکانی گفتوگۆ تا پەسەندکردنی ماددەکان و ئیمزا بۆ جێبەجێکردنی، دەریدەخات، ئەم ڕۆژنامەیە سەرچاوەیەکی بە نرخە بۆ زانینی وردەکاریی پەیماننامەی لۆزان.

**٢-شرۆڤە**

هەڵسەنگاندن و تاوتوێی ئەو دۆسییانەی لای دەوڵەتی پەهلەوی ئێران گرنگ بوون، بە چەندین تەوەری جیاواز لە لایەن ڕۆژنامەکانەوە شرۆڤەکراون. هەندێک لەم شرۆڤانەش، پەیوەندی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆیان بەدۆزی کورد و پەیماننامەی لۆزانەوە هەبووە. لەو قۆناغەدا ئێران دەیویست بابەتی کورد، وەک دیاردەی ئاشوب ببینێ. کە لە ناوخۆی وڵاتەکەدا دەبێت بە زەبری چەک چارەسەربکرێت. لە هەمانکاتدا هەندێک لە وڵاتانی زلهێز بە تایبەت بەریتانیا، دەیویست لە ڕێگای نوێنەرەکانییەوە کێشەی کورد، وەک کارتی فشار دژ بە ئێران بەکاربهێنێت. لەبارەی فشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر ئێران، تا لەبەر هەلومەرجی ناوخۆ، بایەخ دۆخی نێودەوڵەتی نەدات، لە شرۆڤەیەکدا لە ژمارە (١٣٨)دا دیارە (عەلی دەشتی)ی سەرنوسەر نوسیویەتی، ئاماژە بەوە دەدات: چەندین هەوڵی کودەتا لە ناو دەوڵەت و ڕەخساندنی هەلومەرجێکی ئاڵۆز لە ئێران، دەستی دەرەکی ڕۆڵی تێدا هەیە، کە بەریتانیایە[xxiv].

لە شرۆڤەیەکی تردا، کە لە شوێنی سەروتار دانراوە، لە ژێرسەردێری (ناڕەزایەتی باڵیۆزی بەریتانیا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، ماوەی یانزدە مانگ لەمەوبەر بابەتی هاتنی (مێجەرسۆن) و کاپیتانێک بۆ کوردستان و لوڕستانمان بڵاوکردۆتەوە. بۆتە مایەی ناڕەزایی بەریتانیا. ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە ڕای گشتی لە ئێراندا، دژ بە دەوڵەتی ئینگلیزە[xxv].

## -ڕەنگدانەوەی پەیمانی لۆزان لە ڕۆژنامەی (قرن بیستم)

ڕۆژنامەی (قرن بیستم) لە دووتوێی لاپەرەکانیدا، بە پشتبەستن بە چەندین ئاژانسی جیهانی، وەک (رۆیتەرز)، هەواڵە نێودەوڵەتییەکانی بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەت لە یەکەم ژمارەوە هەواڵی لەبارەی پەیماننامەی لۆزان و کاردانەوەکانی تێدایە. ئەمەش نیشانەی پێشکەوتویی ئاستی ڕۆژنامەکەیە، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی دەرچوونیدا.

**هەواڵ و زانیاری لەبارەی پەیماننامەی لۆزان:** ڕۆژنامەی (قرن بیستم) لە یەکەمین ژمارەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕوومالّی کۆنفرانسی لۆزانی کردوە. لە (ژمارە ١، لا ٢)دا لە گۆشەی (زانیاری گرنگ)دا، کە سەرچاوەکەی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ە ڕۆژی (١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ز)، بەمانشێتی (شڵەژان لە کۆنفرانسی لۆزان)دا نوسیویەتی: "لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی لەندەندا، لەبارەی چارەنوس و پێشبینی بۆ کۆنفرانسی لۆزان، هەست بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەرچاو دەکرێت. چونکە نوێنەرانی تورک هەلومەرجێکی سەختیان گرتۆتەبەر، زۆر بە توندی پێداگری لەسەر هاتنەدی داخوازییەکانیان دەکەن".

ئەم هەواڵە ئاماژەیە بۆ ناکۆکی توندی نێوان تورکیا و وڵاتانی بەژدار لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا، چونکە داخوازییەکانی تورکیا پەسەندنەکراوە.

**-بە ژداریی کورد و چارەنوسی ویلایەتی موسڵ:** ڕۆژنامەکە هەوڵەکانی بەژداریی نوێنەرانی کوردستان بۆ کۆنفرانسی لۆزانی ئاشکرا کردوە، لە (ژمارە ۳، لا ۲)ی ڕۆژی (۲۳ی کانونی دووەمی ۱۹۲۳ز)دا ڕایگەیاندوە: ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر هاوکاری ئەم نوێنەرەیان کردوە بۆ بەشداریکردن. نوێنەرانی ڕوسیا و عوسمانیش ئامادەنەبوون بە فەرمی بیناسێنن و بایکۆتیان لە دژی کردوە.

لەبارەی چارەنوسی ویلایەتی موسڵ، لە (ژ ۷، لا ۳، ڕۆژی ١٦ی شوباتی ۱۹۲۳) لە گۆشەی (هەواڵەکانی دەرەوە)دا بە پشتبەستن بە (هەواڵەکانی ئاژانسی ڕۆیتەرز) نوسیویەتی:

لەندەن: ڕۆژی ١٥ی شوبات، کۆمیتەی لیژنەی دەوڵەت بۆ کاروباری تاوتوێی میزۆپۆتامیا (نێوان دووڕووبار)، ئەمڕۆ ڕاپۆرتی (سێرپرسی کۆکس) بۆ گفتوگۆ خستەڕوو.

نوسەرێکی وتارە سیاسییەکانی ڕۆژنامەی (دەیلی نیوز) لەو بارەیەوە نوسیویەتی: (چۆڵکردنی ئەو دەڤەرە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هۆی پەیماننامەیەکەوە، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ مەلیک فەیسەڵدا ئیمزاکرا، واز لە پێشنیازی ناردنی کێشەی موسڵ بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بهێنرێت، تا ئەو کاتەی ئومێد هەبێت کە پەیماننامەی لۆزان ئیمزابکرێت).

هەڵماڵینی ئەم زانیارییە گرنگە لەبارەی هەڵوێستی مەلیک فەیسەڵ، نیشانی دەدات کە هاوسۆز بووە لەگەڵ پەیمانی لۆزان. لە هەمان ژمارەدا، هەڵوێستی نوێنەری عێراقی لە هەواڵێکی سەربەخۆدا بڵاوکردۆتەوە و نوسیویەتی: بۆچوونەکانی نوێنەری عێراق سەردار جەعفەر پاشا نوێنەری عێراق لە کۆنفرانسی لۆزان لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ار لینپ منت) ئاشکرای کردوە: دانیشتوانی شاری موسڵ لەبارەی عوسمانی جۆراوجۆرن، تاکە پاساوی پێداگری عوسمانی بۆ موسڵیش، دەیەوێت سەرلەنوێ دەستبەسەر عێراقدا بگرێتەوە و پێگەی خۆی لە کەنداوی فارسدا پتەوبکات[xxvi].

شێوازی دەربڕینی نوێنەری عێراق، دەریدەخات، کە دژی سیاسەتی عوسمانییە بۆ گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ ژێردەسەڵاتی تورکیا.

**-هەڵوێستی نێودەوڵەتی:** لە (ژمارە ۱، لا ۳) لە هەواڵێکدا هەڵوێستی ڕوسیای لە بارەی کۆنفرانسی لۆزان بڵاوکردۆتەوە، تیایدا هاتوە: یاداشتێکی ناڕەزایی ڕوسیا ڕادەستی کۆنفرانسەکە کراوە، چونکە هەندێک بابەت بەبێ ڕوسیا و لە پشت پەردەوە یەکلایی دەکرێنەوە.

### ۲-شرۆڤە

(سەرنوسەر) لە شرۆڤەیەکی ڕەخنەگرانەدا لە (ژمارە ۱، لا ٤)دا، هەڵوێستی دەوڵەتی پەهلەوی ئێران بە نەرێنی هەڵدەسەنگێنێت، کە نەیتوانیوە بەژداری لە کۆنفرانسی لۆزاندا بکات.

لە بارەی هەڵوێستی تورکیا لە هەمبەر بەژداری کەمینە نەتەوەکان، ڕاپۆرتێکی شیکاری بە پشتبەستن بە (بێ سیمی مۆسکۆ) لە (ژمارە ۲، لا ٤) لە (۱۹ی کانوونی دووەمی ۱۹۲۳ز)دا

بڵاوکردۆتەوە، تیایدا، نارەزایەتییەکانی تورکیا لەبارەی بەژداریی نوێنەرانی ئەرمەنی تاوتوێ کردوە. بیانووی تورکیا بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە کوشتاری ئەرمەن وەک دۆسیەیەک نەجولێنرێت. لە هەڵوێستێکی توندیشدا بەرامبەر سیاسەتی بەریتانیا، لە (ژ١٢، لا٣، ٥ی ئازاری ١٩٢٣ز) وتارێکی شرۆڤەکارانەی رەخنەیی بە ناوی (بین النهرین لە ئاگری کارەساتەکانی ئینگلیزدا دەسوتێت)دا، لەگەڵ گلەیی و رەخنە لە ناهۆشیاریی جەماوەر، گومانی زۆری خستۆتەسەر بەڵێنەکانی بەریتانیا لەبارەی چارەنوسی میللەتان و مافە مرۆییەکانیان.

سەبارەت بە رەوشی ناوخۆی تورکیا لە کاتی کۆنفرانسی لۆزاندا، (ژ١٣، لا٣، ٨ی ئازاری ١٩٢٣ز) لە هەواڵێکدا لە ژێرناوی (پێگەی دەوڵەتی عوسمانی)، ئاشکرای کردوە، کە رەخنە و پێشنیاز لە ناوخۆی وڵاتەکەدا بە عوسمانی دراوە. (عیسمەت پاشا) رەزامەندی لەسەر هەندێکیان دەربڕیوە، بەڵام داوای کردوە، چاوەروان بن، تا کۆنفرانسی لۆزان کۆتاییدێت، لەو قۆناغەوە دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوی دەبێت بۆ بابەتەکان یەکلایی بکاتەوە.

لە راپۆرتێکی شیکاریدا بە ناونیشانی (پەیمانی لۆزان) (ژ١٤، لا٣، ١٠ی ئازاری ١٩٢٣ز)، بە وردی هەڵوێست و داخوازییەکانی تورکیای لەبارەی پەیماننامەکە لەخۆگرتوە، تیایدا هاتوە:

ئیسلامبول: لە دانوستاندنەکاندا لەبارەی پەیمانی لۆزان، لە مەجلیسی میللی ئەنقەرەدا (١٥٠) پەرلەمانتار پێشنیازەکانیان خستەروو، کە هەر کاتێک سەربەخۆیی دارایی، ئابوری و کارگێری عوسمانی بە تەواوەتی دابینبکرێت، ئەوا دەوڵەت مۆڵەتی پێدەدرێت، کە پەیماننامەی لۆزان ئیمزابکات. ئەم پێشنیازەش پەسەندکرا. دیارترین خاڵەکانیش بریتیبوون لە:

١-لێستاندنەوەی مافی یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە قونسوڵەکان.

٢-دواخستنی چارەسەری گرفتە ئابوری و داراییەکان، هەروەها موسڵیش.

٣-دەستکێشانەوە لە قەرەتاج.

٤-پەسەندکردنی سەرجەم ئەو ماددانەی، کە شاندی نێردراوی عوسمانی پێشنیازیان کردوە.

٥-وەرگرتنی قەرەبوو. بۆ وەڵامی ئەم داخوازییانەش، لە هەواڵێکدا بە ناونیشانی (هۆکاری تێکچوونی کۆنفرانس) (ژ ٢٢، لا ٤، ٢٦ی ئازاری ١٩٢٣ز)، باسی لە هەڵوێستی توندی فەرەنسا لەسەر داخوازییەکانی تورکیا کردوە.

رۆژنامەی (قرن بیستم) بە هۆی ئاراستەی رەخنەگرانەی لە دەوڵەتی (رەزا شا)، لە ژمارە (٢٢)ەوە رووبەرووی کۆکردنەوەی ژمارەی رۆژنامەکە و داخستن و دەستگیرکردنی سەرنوسەر و کارمەندەکانی دەبێتەوە، بەڵام کۆی (٢٢) ژمارەی خولی دووەمی رۆژنامەکە، کە بەساماپڵ وەرگیرا، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی پەیماننامەی لۆزان.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، دوای تاوتوێی رەهەندەکانی پەیماننامەی لۆزان و شێوازی رووماڵی دوو رۆژنامەی ئاراستە جیاواز، گەیشتینە کۆمەڵێک ئەنجام:

-بایەخدان بە (پەیماننامەی لۆزان) بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەکانی (شفق سرخ) و (قرن بیستم)دا ڕەنگدانەوەی هەبووە، هەربۆیە سەرچاوەیەکی بە نرخن بۆ زانینی وردەکاریی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکانی پەیماننامەکە و لێکەوتەکانی.
-هەردوو ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووماڵی پەیماننامەی لۆزانیان کردوە، بۆچوون و زانیاری گرنگیان لەخۆگرتوە لەربارەی ناکۆکی دەوڵەتان و شێوازی ڕێککەوتنیان.
-بە پێی هەواڵ و داتای هەردوو ڕۆژنامەکە، سیاسەتی وڵاتان بە شێوەی جیاواز هەڵوێستیان لەبارەی چارەنوسی کورد لە پەیماننامەی لۆزاندا هەبووە.
-ڕۆژنامەی ڕەخنەگری (قرن بیستم) بایەخی بە هەواڵی مافی نەتەوە ستەملێکراوەکان داوە، بە تایبەت گەلی کورد.
-ڕۆژنامەی لایەنگری دەسەڵات (شفق سرخ)، بایەخی بە بەرژەوەندییەکانی شا و ئێران داوە، هیچ هەواڵێکی لەبارەی مافی نەتەوە ستەملێکراوەکان بڵاونەکردۆتەوە.
-شرۆڤەی هەواڵەکان دەریدەخات، کە دەوڵەتی تورکیا ترسی زۆری لە جوڵاندنی دۆسیەی کورد و ئەرمەن لە (پەیماننامەی لۆزان)دا هەبووە.
-داخستنی ڕۆژنامەی ڕەخنەگری (قرن بیستم) لە ساتی پەسەندکردنی پەیماننامەی لۆزان، نیشانەیە بۆ سانسۆری توندی دەوڵەتی پەهلەوی لە هەمبەر ڕووماڵی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیش.

## ڕاسپاردە

-هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە میتۆدەکانی تر لەبارەی پەیماننامەی لۆزان و لێکەوتەکانی، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردنی کورد لە ئێستادا لەبارەی چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد لە ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتیدا.
-هاندانی توێژەران بۆ گەڕان بە دوای دیکۆمێنتی گرنگ و نوێ لەبارەی پەیماننامەی لۆزان.
-دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بەو پەیماننامە و جەنگ و ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییانەی، کە کاریگەرییان لەسەر چارەنوسی گەلی کورد هەبووە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:


١-ئەمین، نەوشیروان مستەفا: چەند لاپەرەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، ساڵانی نێوان جەنگی جیهانی (١٩١٨-١٩٣٩ز)، بەرگی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپوبڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٢.


### سەرچاوەی فارسی:

#### کتێب


١. أبراهامیان، یرواند: ایران بین دو انقلاب، ترجمه: احمد گل محمدی، نشر نی، چاپ یانزدهم، ١٣٨٤.
٢. بیات، کاوه: روابط ایران وترکیه از سقوط دولت عثمانی تا برآمدن نظام جمهوری (١٢٩٧-١٣٠٢)، انتشارات پردیس دانش، ١٣٩٤.
٣. بهمنی قاجار، محمد علی: تمامیت ارضی ایران: سیری در تاریخ مرزهای ایران (ج ١)، تهران، موسسة مطالعات و پژوهش های سیاسی، (١٣٩٠).
٤. پسیان، نجفقلی و خسرو معتضد: رضاشاه از سوادکوه تا ژوهانسبورگ، تهران، نشرثالث، ١٣٧٧.
٥. حسین مکی: تاریخ بیست ساله ایران، ج٢، تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، ١٣٥٩.
٦. دشتی، علی: ایام محبس، چاپ پنجم، چاپ شرق، ١٣٣٩.
٧. زیباکلام، دکتر صادق: رضاه شاه، انتشارات روزنه، چاپ اول ١٣٩٨.
٨. طلوعی، محمود، صدسال صدچهره، تهران، علم، ١٣٧١.
٩. قاسمی، سیدفرید : اسناد روزنامه‌نگاران و مطبوعات به انضمام اسناد چاپ، ناشر: کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، ١٣٩٠، چاپ اول.
١٠. گ.ب. أکوپف (هاکوپیان)، م.ا. حصارف: کردان گوران و مسأله کرد در ترکیه از اغاز جنبش کمالیان تا کنفرانس لوزان، ترجمه سیروس ایزدی، تهران، ١٣٨٥.
١١. نظامعلی دهنوی: اسنادی از روابط ایران و ترکیه (١٩٢٢-١٩٣٧)، مرکز اسنادو تاریخ دیپلماسی، چاپ اول.


#### **گۆڤار:**


١. امامی خویی محمدتقی (دکتر)، خلخالی سیدمحی الدین: بررسی تثبیت مرزهای ایران و ترکیه در دوره پهلوی اول، مجله علمی-پژوهشی مسکویه، شماره ١٨، ١٣٩٠.
٢. پورقلی،م: قومیت گرایی در أذربایجان، ماهیت و عملکرد، نشریه حصون، ١٣٨٦، شماره ١٤.
٣. پیمائی، نادر: رضاشاه پهلوی از ألاشت تا ژوهانسبورگ، واشنتنون دی سی، ٢٠٠٥.
٤. روحانی، علیرضا: اسنادی درباره وضعیت مطبوعات در عصر رضاخان، اداره کل ارشیو اسناد و موزه دفتر رئیس جمهور، گنجینه اسناد.
٥. حسین رضانژاد: نقش گروه‌های معارض کرد در مناسبات ایران و ترکیه در دوره پهلوی اول، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، تاریخ روابط خارجی بهار و تابستان ١٣٩٣ - شماره ٥٨ و ٥٩.
٦. ملک زاد، دکتر الهام: روایت روزنامه شفق سرخ از مؤسسات خیریه ایران در دوره رضاشاه، مجله مطالعات تاریخ فرهنگی سال دوم زمستان ١٣٨٩ شماره ٦.

٧. موثقی، سید احمد ؛ نوروزی نژاد، جعفر: دگردیسی در فرهنگ سیاسی ترکیه و غلبه گفتمان اسلامگرایی میانەرو، فصلنامه سیاست، پاییز ١٣٩٥ – شماره ٣٩.
٨. نجفی نژاد، سعید: نقش معاهدات سری جنگ جهانی اول در تجزیه و فروپاشی خلافت عثمانی، فصلنامه علمی-پژوهشی پژوهشنامه تاریخ، تابستان ١٣٩٥، شماره ٤٣.

**ویبسایت**

١. رحیمی: روزنامەنگاری که با رضاخان درافتاد، به قتل رسید، خبرگزاری فارس نیوز، ١٢-٤-١٤٠٠هـ.ش.
٢. دەقی پەیماننامەی سیڤەر:
https://treaties.fcdo.gov.uk/awweb/pdfopener?md=1&did=63986

**بەزمانی ئینگلیزی**

1. Harold Nicolson, Curzon: The Last Phase, 1919-1925, A Study in Post War Diplomacy, N.Y.Harcurt, 1939.
2. Holod, Renata-Evin, Ahmet-Ozkan, Suha .2005. MODERM TURKISH ARCHITECTURE.published by the chamber of Architects of Turkey.Second edition.Ankara.
3. Landau, J M (1995). Pan-Turkism: from irredentism to cooperation. Indiana University Press.

دیکۆمێنت:


١. سفارت کبرای ایران در اسلامبول به وزارت امور خارجه، اسناد وزارت امور خارجه، ایران، ١٣مهر ١٣٠٣، نمره ٥٨٤، کارتن ٤٢.

**بەزمانی تورکی:**

١. لوزان صلح معاهدەنامەسی، ٢٤تموز ١٩٢٣ (دەقی ڕەسەنی پەیماننامەکە لە ئەرشیفی توێژەردا پارێزراوە.


## پاشکۆکان:

**یەکەم:** دەقی ڕەسەنی پەیماننامەی لۆزان بە زمانی تورکی.
**دووەم:** وێنەیەک لە ڕۆژنامەی (شفق سرخ).
**سێیەم:** وێنەیەک لە ڕۆژنامەی (قرن بیستم)
**چوارەم:** وێنەیەک لە بڕیارێکی نهێنی دەسەڵاتی شاهەنشاهی ئێران بۆ هەڵگرتنی سانسۆر لەسەر (شفق سرخ)، چونکە خزمەت بەئاراستەی دەسەڵات دەکات.
**پێنجەم:** وێنەیەک لە بڕیاری قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی (قرن بیستم) بە هۆی ڕەخنەکانی لە دەسەڵاتی شاهەنشاهی ئێران.



۱۳۰۰
۱۱ حمل

مقام منیع ریاست وزرای عظام دامت عظمته

از آن مقام منیع صدور دستخط امتیاز جریده
جدیدی هفتگی مصور اجتماعی سیاسی ادبی و فکاهی بنام
«قرن بیستم» با نهایت خضوع تمنا مینماید

جریده قرن بیستم بیشتر اجتماعی و هر هفته یک سلسله مقالات [illegible]
بنیت سوق مشرق زمین به زندگانی درخور قرن بیستم نوشته
خواهد شد نشر خواهد داد


و نیز نمایشی آهنگی (اپرا) بنام رستاخیز سلاطین ایران
[illegible]
[illegible] تصنیف نمایشی نیم آهنگی (اپرت) بنام از
تازگی به روشنائی تمنا دارد اجازه فرمایند
[illegible]
[illegible]


۱۲۰۰
۱۱ حمل

مقام منیع ریاست وزراء عظام دامت عظمته

از مقام منیع صدور دستخط امتیاز جریده
جدی هفتگی مصور اجتماعی سیاسی ادبی و فکاهی بنام
«قرن بیستم» بمدیریت مخصوص تمنا مینماید
جریده قرن بیستم بیشتر اجتماعی و در هر هفته یک سلسله مقالات
بنیت سوق شرق زمین به زندگانی درخور قرن بیستم نوشته
خواهد شد نشر خواهد داد
و نیز نمایشی آهنگی (اپرا) بنام رستاخیز سلاطین ایران
در خواهد داد میدان که تاکنون نظائرش در ایران نبوده این
گونه سرنامه بضمیمه نمایش نیم آهنگی (اپرت) بنام از
تازگی بروشنائی تمنا دارد اجازه فرمایند که
نمایش آهنگی برای تهیه سرمایه قرن بیستم موقع اجرا گذارده شود
و آنچه تبلیغات برای این مسئله لازمست سرافرازی که بفرمایند


میرزاده عشقی


ل-۱
تاریخ ... ۱۳۰۱
نمره ... ۲۲
۲۲۱

تشکیلات کل نظمیه مملکتی - محرمانه
اداره اطلاعات
دایره
شعبه

مقام منیع وزارت جلیله دربار پهلوی راجع بمطبوعاتیکه
گنجینه - روزنامه اقتصاد ایران - شفق سرخ - ستاره جهان - کوشش
اطلاعات - کوشش - تجدد ایران - ایران آزاد - امید - سعادت بشر
توفیق - آزادگان - ... که اخیراً ... نشده
... اقدام - حبل المتین - ترقی - مجله ...
... - روزنامه جوانان ایران - مجله عالم نسوان - مجله
معارف ... اطراف ...
سیاست ... فوائد ...
اخیراً ... باشند ...

ورود بدفتر وزارت دربار پهلوی
تاریخ ... ۱۳
نمره ... ۵۵


شفق سرخ

سال دوم شماره ۲۶ شماره مسلسل ۱۵۱

موجد و نگارنده ع. دشتی

یکشنبه — سه‌شنبه — پنج شنبه — منتشر میشود

قیمت اشتراک

مرکز جریده

داخله ۸ خارجه ۹ تومان طهران خیابان علاء الدوله

تک شماره ۸ شاهی

قیمت اعلانات با دفتر است

یك صفحه شفاوت نما

در یکی از پست های خراسان که اخیرا بادرس شفق سرخ رسیده یك

مجاهل افریقا هم دیگر محسوس نمیشود جلو گیری شوند.

اعلان

چون مهر اسم بنده که بادامی

انتخابات طهران

عده آراء مستخرجه

مکتوب بی عنوان

— ۲ —

[i]–نظامعلی دهنوی: اسنادی از روابط ایران و ترکیه (۱۹۲۲–۱۹۳۷)، مرکز اسناد و تاریخ دیپلماسی، چاپ اول، ۱۳۸٦، ص (۲–۳). بنۆڕە همان منبع: سند شماره دو، ص (۱٦). یاخود: سفارت کبرای ایران در اسلامبول به وزارت امور خارجه، اسناد وزارت امور خارجه، ایران، ۱۳مهر ۱۳۰۳، نمره ۵۸٤، کارتن ٤۲، پرونده ۱۷.

[ii]– بۆ وردەکاریی دانوستاندنەکان، بنۆڕە: کاوە بیات: روابط ایران و ترکیە از سقوط دولت عثمانی تا برآمدن نظام جمهوری (۱۲۹۷–۱۳۰۲)، انتشارات پردیس دانش، ۱۳۹٤، ص (۱۲۷). یاخود

Harold Nicolson, Curzon: The Last Phase, 1919–1925, A Study in Post War Diplomacy, N.Y.Harcurt, 1939, P 314–350.

[iii]–وڵاتانی ئەندام لەگەڵ نوێنەرانی تورکیا، بریتیبوون لە: بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، رۆمانیا، بوڵغاریا، پورتوگال، بەلجیکا و یۆگۆسلاڤیا.

[iv]–بۆ دەقی رەسەنی پەیماننامەکە بە زمانی تورکی، بنواڕە پاشکۆ و لینکی توێژینەوەکە.

[v] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۳۵، ۱۲ اوریل ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[vi] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۳۸، ۲۲ اوریل ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۱).

[vii] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۳۸، ۲۲ اوریل ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[viii] –روزنامە شفق سرخ، شما رە ۱٤۰، ۲۹ اوریل ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[ix] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۱، ۳ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[x] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۰، ۲۹ اوریل ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۲).

[xi] –روزنامە شفق سرخ، شما رە ۱٤۰، ۲۹ اوریل ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xii] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۲، ۱۳ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[xiii] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۵، ۲۱ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[xiv] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۲، ۱۳ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[xv] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۳، ۱۵ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xvi] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤٤، ۱۷ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xvii] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤٤، ۱۷ می ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xviii] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱٤۸، ۲٤ ژوئن ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۱).

[xix] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۵۰، ۲۸ ژوئن ۱۹۲۳، سال دوم، ص (٤).

[xx] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۵۱، ۱ ژوئیه ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xxi] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۵۳، ۵ ژوئیه ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xxii] –روزنامە شفق سرخ، شمارە ۱۵۷، ۱۵ ژوئیه ۱۹۲۳، سال دوم، ص (۳).

[xxiii] –روزنامه شفق سرخ، شماره ١٦٠، ٢٤ ژوئيه ١٩٢٣، سال دوم، ص (٣).
–روزنامه شفق سرخ، شماره ١٦١، ٢٩ ژوئيه ١٩٢٣، سال دوم، ص (٣).
[xxiv] –روزنامه شفق سرخ، شماره ١٣٨، ٢٢ اوريل ١٩٢٣، سال دوم، ص (٤).
[xxv] –روزنامه شفق سرخ، شماره ١٤١، ٣ مى ١٩٢٣، سال دوم، ص (١).
[xxvi] –روزنامه قرن بيستم، شماره ٧، ١٦ فوريه ١٩٢٣، سال دوم، ص (٣).

## (انعكاسات معاهدة لوزان في الصحافة الإيرانية)


**ملخص البحث:**

ان التغطية الصحفية للتغييرات المؤثرة على مصير وحقوق الشعب الكردي، تعتبر مصدرا مهما للسجل التأريخي. ان معاهدة لوزان التي وقعت من قبل دول الحلفاء في سويسرا في عام ١٩٢٣، هي اتفاق دولي كانت لها ارهاصاتها المستمرة طوال قرن من الزمان على حقوق الشعب الكردي.

ان الهدف الرئيسي لهذا البحث هو تتبع اخبار وتحليلات اثنتين من اشهر الصحف الايرانية واكثرها نقدا واعلاها اصدارا والتي صدرتا في تلك الاونة، ورغم الرقابة القوية والعقبات السياسية الا انهما غطتا وبدقة المواقف والتغييرات المتعلقة بتلك المعاهدة.

ان السؤال الرئيسي لهذا البحث هو: معرفة الكيفية التي غطت بها الصحافة الايرانية معاهدة لوزان؟ وللاجابة عن هذا السؤال تم استخدام (تحليل المضمون) ومناقشة الاخبار والتحليلات المختلفة كافة والتي نشرت في تلك الصحف الفارسية ذات الاتجاهات المختلفة (شفق سرخ) كانت مدافعة عن السلطة، فصحيفة (قرن بيستم) اتخذت توجها نقديا. علما بأن الصحيفتين صدرتا في (طهران) سنة (١٩٢٣م) و متغطية معاهدة (لوزان). وقد تم تقسيم الدراسة الى منهجية البحث ومبحثين رئيسين، هما:

المبحث الاول: هو تحليل نظري لمعاهدة لوزان بالاعتماد على مجموعة من الوثائق المهمة وتأثيراتها على الشعب الكردي.

والمبحث الثاني: هو عبارة عن تقييم مستوى التغطية الصحفية لكلتا الصحيفتين لمرحلة الاعداد والمناقشات السرية للدول الى حين انعقاد جلسات المعاهدة وتأثيراتها. ومن اهم النتائج التي توصل اليه البحث:

- نشرت الصحيفتين (شفق سرخ) و (قرن بيستم) قبل انعقاد جلسات المعاهدة، اخبار الخطوات السرية التي اتخذتها الدول المعنية.
- تم انجاز تغطية خبرية وتحليلات يومية لاعمال جلسات المعاهدة.
- احتوت صفحات الصحيفتين على عدة مواضيع خاصة بالشعب الكردي ومؤاقفه اتجاه المعاهدة.

وفي خاتمة البحث تم طرح جملة من المقترحات.


المفاهيم الرئيسية: الشعب الكردي، معاهدة لوزان، وثائق، الصحافة الايرانية.